# بۆچوونی ڕۆشنبیران سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی ئەمنی و هەوڵەکانی مالکی

ڕێککەوتننامەی ئەمنی نێوان واشنتن و بەغداد بە شێوازی جۆراوجۆر لێکدانەوەی بۆ دەکرێ، هەندێک پێیانوایە و پێیانوایە کە تای تەرازوی ڕێککەوتنەکە لەبەرژوەندی ئەمریکا دایەو عێراق و کوردستان تێیدا زیانمەند دەبن.

دوای مۆرکردنی ڕێککەوتنەکەو دەنگپێدانی لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، هەوڵەکانی مالکی بۆ رەوانەکردنی هێز بۆ جێناکۆکەکان و دروستکردنی هێزەکانی بەناو ئیسناد بە تەواوی چڕتر بۆتەوە، بۆ بەدواداچوونی هەردوو پرسەکە بە باشمان زانی رامانی لەچەند وەربگرین و بۆ خوێنەرانی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل بگوازینەوە.

**ئەیوب ڕەحمانی**، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سەربەستی بەم شێوەیە رامانی خۆی دەردەبڕێ:



هەروەک ئاگادارین ڕێککەوتنی ئەمنی نێوان بەغدا و واشنتۆن دوای ملاملانەیێکی زۆر و سەرەرای دژایەتی تەرەفدارەکانی سەدر و ئێرانی دراوسێی عێراق بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی بەشدار بو لە پارلەمان ئیمزا کرا.

دیارە با لە پێشدا ئەمە بڵێم کە لە وڵاتێکی پێشکەوتو و دیمۆکرات و لیبرالدا کە دەنگی تاکە تاکەی شارومەندەکان گرنگە و ڕێز لە دەنگی خەڵک دەگیردرێت و وڵات لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئیدارە دەکرێت، واتە خەڵک بڕیاردەری نیهایین، وەها ڕێککەوتننامەیێکی گرنگ لە پێش هەمو کەسدا بە شیکراوەیی دەچێتە بەر دەمی خەڵک و ڕای خەڵکی لێ دەپرسن و بە دەنگی خەڵک پەسەند یا خۆ ڕەت دەکرێتەوە، بەڵام لە عێراق جارێکە ئەمە زۆری ماوە تا بگات بەوەی کە دەنگی خەڵک حیسابێکی ئەوتۆی بۆ بکرێت، ململانێکەی ئەم ڕێککەوتننامەیە زۆرتر یاری سیاسی و بەرژەوەندی سیاسی لە پشتەوە بو هەم بۆ ئەمریکاییەکان و هەمیش بۆ حکومەتی تازە پێگەیشتوی مالیکی.

لە بابەت مەسەلەی کوردەوە دیارە هەم قازانجی بو و هەمیش خاڵی لاوازی تێدا بون. خالە لاوازەکان لە هەمبەر کورد یەکەم ئەوەی کە ئەم ڕێککەوتننامە حکومەتی مالیکی بە هێزتر دەکات و ئوتوریتەیێکی زیاتر بە مالیکی و حکومەتەکەی دەبەخشێت و هەر ئەمە بوتە هۆی ئەوەی کە مالیکی لە یەکەم هەنگاودا لە دژی کورد باسی ئیسنادی هێناوەتە پێشەوە و ئەمانە کێشەکانی حکومەتی هەرێم و بەغداد زیاتر دەکات. دوهەم خاڵی لاواز بۆ کورد کە بەڕێز مەحمود عوسمانیش لە چاوپێکەوتنیکدا لە گەڵ ناکی ئیتالیادا باسی لێوە کردوە، سەر پشک کردنی حکومەتی عێراقە لە پەیوەندی گرتن و هەڵس و کەوت کردن و هەروەها بەستنی ڕێککەوتننامەی ئاسایش لە گەڵ دراوسێکانی عێراق، کە زۆربەیان، وەک ئێران و تورکیا و سوریە دوژمنی گەلی کوردستانن و ئەوە ڕێکەوتننامەکانی جەزائیر و سەعد ئاباد دەهێننەوە بیرمان کە لە دژی کورد کراون و خاڵێکی دیکە ئەمەیە کە دەستی حکومەتی مالیکی لە دژی یاخیبونی ناوخۆیی عێراق ئاوەڵە دەکات و باسی لەوە نەکردوە مەبەست لە ئەم یاخی بونانە کێن؟

ئایا ئەلقاعیدە و سەدر و گروپە ئاژاوەگێرەکانن و یا مەبەستیان پێشمەرگەشە!

ڕێککەوتننامەکە ئەگەر ئەم خالانەی سەرەوەی لێ دەربهاوێژین، دەتوانین بڵێین کە قازانجی کوردیشی تێدا بوە و دوای گەرانەوەی بەڕێز بارزانی لە ئەمریکا و ئوروپا لە کۆنگرەیێکی ڕۆژنامەوانیدا وتبوی کە لە لایکەوە پۆلیس و ئاسایشی عێراقی توانای دابین کردنی ئارامی و ئەمنییان نیە و هەروەها ئەگەر ئەم ڕێککەوتننامەیە ئیمزا نەکرێت، عێراق یەک تریلیون دولار زیانی لێدەکەوێت و لە باری سیاسی و ئابوری و ئەمنیەوە عێراق زەرەری ویدەکەوێت، بۆیە ئەگەریش ڕێککەوتننامەکە خراپ بێت، ئیمزا کردنی باشترە، چونکە بەدیلێکی تر نیە!

وا پێدەچێت کە لە داهاتوێکی دور و نزیکدا حکومەتی عێراق (مالیکی) بۆ یەکپارچە کردن و بە هێزتر کردنی حکومەتەکەی بەهانەکانی لە دژی شارە کوردیەکان بە تایبەت کەرکوک و موسڵ زیاتر پەرە پێ دەدات و فشارێکی سیاسی زیاتر و هێزێکی زیاتر بە کورد نیشان دەدات و کورد دەخاتە سەر دورێیانی تەسلیم بون لە هەمبەر داخوازیەکانی حکومەتی مالیکی یا خۆ شەڕ بۆ داگیر کردنی شارە کوردیەکان. دیارە کورد ئالترناتیڤ یا خۆ بەدیلێکی سێهەمیشی هەیە و ئەویش سەربەخۆییە. گەلی کوردستان نابیت بە هیچ شێوەێک بچێتە ژێر زەخت و زۆری داگیرکەران و لە هەڕەشەی دەرەکیش نەترسێت، جیهان لەمە بەدوا سەرکوتی خەلکی بی تاوانی کوردستان تەحەمول ناکەن و لە پشت مافی ڕەوا و بەر حەقی ئەم گەلە دەوەستن و پێویستە کە کوردیش خۆی یەکخات و هەمو هیزەکانی بخاتە گەڕ. ئەگەر تورکیە هێرشم بۆ دەکات، پێویستە کە من پکک بە هێزتر بکەم تا لە قولایی شارە تورکیەکان چالاکی بکات، ئەگەر ئێران هێرشم بۆ دێنێت، پێویستە کە من کۆمەڵە و دیمۆکرات و هەر هەمو هێزە سیاسیە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دژی ئێران بە هێزتر بکەم و ئەوانیش لە دژی ئیران هانبدەم. کورد بەدیلێکی دیکەی نیە بێجگە لە شەڕێکی بە هێزی سەرتاسەری. برایەتی کورد و عەڕەب ، کورد و فارس، کورد و تورک گەورەترین درۆی مێژوە و هەرگیز سەرناگرێت و شۆوینیزمی هەوسار پچڕاوی ئەوان هەرگیز ڕێگا بە کورد نادات خۆی بە برای ئەوان بزانێت، کوردیان تەنیا بۆ کایەی سیاسی دەوێت و بەس. لە دوا ڕۆژی سەرکەوتنێکی سەرتاسەریدا، ئاوات و خەونی کوردان وەدی دێت و حکومەتی کوردستانی سەربەخۆ بۆ هەمیشە پێک دێت!

کاتێک کە حکومەتی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆتایی پێ هێنرا و سەدام و زۆربەی دار و دەستەکەی بە دیل گیران یا خۆ کوژران، کورد لە باشوری عێراق ١٣ ساڵ بو بە شێوەیکی ئۆتۆنۆمی و نیوە سەربەست دەژیا و خاوەنی پارلەمان و میدیا و هێز و کەرەستەی تەواو بو بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. ئێستا ئەو هەلە لە کیس چوە و تەواو بوە، وەک خەیام دەڵێت، ئەو گۆزە شکا و ئەو مەیە ڕژا و تەواو بو. ڕاستە کە دوژمنانی گەلی کوردستان لەو کاتەدا نەیاندەهێشت کە سەربەخۆیی ڕابگەیێندرێت، بەڵام ئێستا ئەو دوژمنە دەرەکیانە هەر ماون و لە جاران زۆرتریش دژایەتی کورد و مافی چارەی خۆ نوسینی ئەم گەلە دەکەن، ئەمە بە جێگای خۆی، ئێستا ملۆزمێکی ناوخۆیش لە عێراق پەیدا بوە کە بە ناوی برایەتی کورد و عەڕەب و بە ناوی پاراستنی عێراق چاوی لە باشوری کوردستان بڕیوە و هەر ڕۆژەی بە شێوەێک دژایەتی دەکات یا خۆ بەهانەی لێدەگرێت، یا خۆ لەشکر بۆ شارە کوردیەکان دەنێرێت و لەم ئەخیرانەشدا وەک زۆر میدیای ئوروپاییش باسی لێوە دەکەن بە تەمایە هێزی تایبەتی خۆی لە کوردستان دابمەزرێنێت!

کاتی ڕوخانی حکومەتی بەعس و لە ناو چونی دەسەڵاتی سەدام هیچ نەبێت لە ناوخۆی عێراقدا حکومەتێک یا خۆ دژبەرێکی ئەوتۆ نەبو لە دژی کوردستان و دەکرا بە پشتیوانی ئەمریکا کە لە عێراق حوزوریان هەبو و کوردیان بە دۆستی خۆیان دەزانی باشوری وڵات خۆی سەربەخۆ ی ڕابگەیێنێت. ئێستا کە حکومەت و پارلەمان لە عێراق دامەزراوە و لەم پێنج ساڵەشدا خۆی دامەزراندۆتەوە و دۆستە عارەب و تورک و تورکمانەکان پشتیوانی لێدەکەن، ئیترنە تەنیا ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە باشور قورستر بۆتەوە، بەڵکو ئەوەتا بەهانەی تازەی مالیکی بۆ ڕژاندنی هێزەکانی بۆ ناو شارەکانی کوردستان، باشوری وڵاتی بە تەواوی ناخۆش و نائەمن کردوە و هێزی بە ناو ئیسناد دادەمەزرێنێت و سەرەرای ١١ هەزار پۆلیس لە کەرکوک بە تەمایە ئەم هێزە تازەش ڕەوانەی ئەوێ بکات و بێ شک بۆ بەرگری کردن لە مادەی ١٤٠ بۆی ڕەوانە دەکات بۆ ئەوەی لەمپەرێک لە بەردەم جێ بە جی کردنی ئەو مادەیەدا دابنێت و هەروەها بۆ ئەوەی کە عەشیرەکان لە یەکتر هان بدات و کۆنە بەعسیەکان پرۆژەی ناتەواوی ئەنفال کۆتایی پێ بێنن و ڕەگ و ڕیشەی کورد بکێشن. لەم کات و ساتەدا تەنیا یەکگرتن لە بەرانبەر مالیکی و دار و دەستەکەی و ڕێگە نەدان بە دەست درێژی بۆ سەر کوردستان تەنیا ڕێگا چارەیە و پێویستە کە لە ڕێگای دیپلۆماسیەتێکی بە هێز لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بەر بە مالیکی بگیردرێت و پێویستە کە لە ناوخۆی وڵاتیش لە هیچ چەشنە هەڕەشەیکی ئەو هێزە درندە کۆنە ئەنفالچیانە سڵ نەکرێت و وەک خۆیان لە گەڵیان بجوڵێینەوە!

**دارا ئەحمەد**، بەڕیوەبەری ماڵپەڕی ئەمرۆ دەڵێ:



ڕێکەوتنی ئاسایشیی نێوان عێراق و ئەمەریکا - باشترێکە بڵێین ڕێکەوتنی نێوان دڕندەترین دەسەڵاتی جیهان کە حوکمرانی ئەمەریکا دەکا لەگەڵ بێسەروبەرترین و داگیرکراوترین و کۆنەپەرستترین دەسەڵاتی جیهان کە ئێستا حوکمرانی عێراق و کوردستانی ژێر چەپۆکی هەردوو سەرۆک خێلەکە دەکا - پرسێک یان بابەتێکی هێندە گرنگ نییە کە شێوەکەی کوو دەبێ یان چۆنایەتییەکەی چ شێوەیەک بەخۆوە دەگرێ.

کێ هەیە نەزانێ سیاسەتی سەرانی بەریتانیا هەر لەو ڕۆژەی کە عێراقیکیان بە زۆری زۆرداری و بە بێ خواستی گەلانی ناوچەکە دامەزراند تا دەگاتە شۆڕشی سەردەمی کەریم قاسم هەروا سیاسەتی سەرانی ئەمەریکا و بەریتانیاش وەک پاشکۆیەک هەر لەو ڕۆژەی کە جلەوی دەسەڵاتیان بە پارتی بەعسی شۆڤێنیست و فاشتست دا تا ئەمرۆ و چەندین ساڵی داهاتووش چۆن گوزەرا و چۆن دەگوزەرێ و چ مەرگەسات و برسییێتی و چ شەڕ و کاولکارییەکیان ناوەتەوە و دەنێنەوە ؟!

کێ هەیە نەزانێ نەبینێ کە چۆن بە باشترین و کاریگەرترین چەکی تێکبەردانی کوردو عەرەب و تورکمان و کلدان و ئاشووریی و... بارزانی و تالەبانی و جبوریی و موسلاویی و تکریتی و بەسرایی و... ، موسلمان- سونە شیعە - و مەسیحیی و یەزیدیی و...هتد لە لایەک و پەیوەستکردنی ئەو نەتەوە و دین و خێل و مەزهەبانەش بە دەسەڵاتە چاوچنۆک و کۆنەپەرستەکانی وەک تورکیا و سوریا و سعودیە و ئێران و ...هتد لەلایەکیتر شەڕی خەڵکی هەژار و بێدەرەتان و شەڕی سەربەخۆیی کوردستان و مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی تر و شەڕی ماف و ئازادییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ شەڕی هەرچی پێیدەگوترێ پێشکەوتن و ژیان دەکەن.. ئەویش تەنیا بۆ مسۆگەرکردنی مانەوە و بوونی خۆیان لە ناوچەکە بۆ ئەوەی بە ڕاووڕووت زۆرترین سامانی خەڵک بە گوێرەی یاسا جەنگەلییەکانی خۆیان کە خۆی لە دیموکراسییەت و بازاڕی ئازاد و قۆرپاتەکانی تری سیستەمی هاروهاجی سەرمایەداریی دەبینێتەوە بدزن

ئەرێ دەکرێ بە سەپاندنی فەرمانی کۆمەڵێک چەتەی بەردەستی سەرمایەدارە هەرە گەورەکانی جیهان کە بە ئاگر و ئاسن وڵاتێکیان داگیر کردووە بەسەر بەکرێگیراوەکانی خۆیان بگوترێ ڕێکەوتن؟!

ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکیی و زانستییانە لەو جۆرە ڕێکەوتنانە هوردبینەوە ئەوە دەگەینە ئەوەی کە ڕێکەوتن بریتییە لەوەی دوو لایەن یان دوو هەر شتێکی دژ بەیەک لەسەر شتێک یان کۆمەڵە شتێک ڕێکدەکەون کە بوون و بەرژەوەندییەکانیان پێ بپارێزن ، بەڵام ئەو مادەیەی لەبەردەستمانە نە دوو لا و نە دوو دژ و نە دوو بوون و بەرژەوەندیی جودای تێدایە بەڵکە گیانێکن لە چەند جەستەیەکی وەک ئاغا و کوێخا و میرزا و وەزیر گزیر و باشچاوەش و سەرکار و سیخوڕ و خزمەتکار و کاسەلێس و ... هتد .

ئێستا ئیدی دەکرێ بە چاویکەیەکی قیچەک ڕۆنتر لەو چاویلکە تەڵخ و تاریکەی باوی سەردەم بڕوانینە ئەو هەموو ناوە سەیروسەمەرەی وەک لیبراڵەکان و دیموکراسییەکان و مەدەنییەکان و ڕەگەزپەرستەکان پەیرەوکارانی جوو و مەسیحیەت و سۆشیال دیموکرات و چەپ و خێلەکیی مەزهەبگەر و دیموکرات و کۆمارییەکان و قاعیدە و تیرۆریست و مەرجەع و کۆنسەرڤەتیڤ و ئیسلامی شیعەو سونەی توندڕەو و میانڕەو و نەتەوەیی و سۆشیال عەشایەر و تەنانەت هەندێک بەناو مۆدێرن و پێشکەوتووخواز و سکۆلاریست و شیوعیش و ...هتد کە چۆن هەموویان وەک کۆمەڵێک جۆگەلە و ڕووبار و زێ و دەریایەکی لێخن و پیس لە ئۆقیانووسی مەرگ دەکەنەوە - مەرگی ئەوانەی دەیانەوێ ژیانێکی ئازاد و یەکسان و دوور لە هەرجۆر و شێوە چەوسانەوەیەک بژین -

ئەوەی پێیدەگوترێ ڕێکەوتن یان ئەوەی کە خۆیان ناویان لێناوە ڕێکەوتن ڕوو بدا یان نەدا بۆ خەڵکی - ئازادیخواز و مرۆڤپەروەرانی گەلانی عێراق و کوردستان ، تیکۆشەرانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلان و سەربەخۆییخوازانی کوردستان و یەکسانیخوازان و زانستپەروەران و کەرکوکییەکان و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان و بە کورتیی بۆ تێکڕای مافپەروەران و ئازایخوازانی ناوچەکە و جیهان هەر یەکە و - هەر بە روبەی قورقورە - یە و تۆزقالێک لە کێشە و مەسەلەکان ناگۆڕێ و تەنیا خوێنمژەکانی سەردەم قازانجی تێدا دەکەن ئەوانەی ئەو پارت و ڕێکخراو و حکومەت و دین و خێل و دەستە و لایەنانە بەڕێوەدەبەن کە ناویان لەو یەکێتیی و یەک دڵییەی خۆیان ناو ڕێکەوتنی ئاسیشیی ئەمەریکا و عێراق .

نوری مالکی وەک نوری سەعید - کوردیکی بێ سەروبەری وەک سەلاحەدینی داغان بە کەلتووری عارەبی و ئیسلامیی - هەر هێندە دەیەوێ کوردان یان میللەتانیتر بەشداریی لە دەسەڵاتی عێراقیی بکەن کە بە شێوەکی کارتۆنی چەند وەزیر و گزیریکیان هەبێ و لە ڕاستیشدا لە خزمەت هزر و سیاسەتی دەوڵەتی شوڤێنی یەک نەتەوەیی و مەرجەعیەتی تیۆکراتیی ئیسلامییدا بن نەک وەک ئەوەی دەسەڵاتی هەردوو خێلی کوردی دەیانەوێ بۆ زاڵ بوون بەسەر بزووتنەوەی کوردایەتیی ناویان لە دەسەڵاتی عیراقیی ناوە فیدرال.. کەچی (جەلال و عارف و هۆشیار و بەرهەم) ی (ئەحفاد)ەکانی سەلاحەدین وەک داوڵ لە خزمەتی بێستانەکەی (گرین زۆن) دان و پێیان ڕەوایە جاش و ئەنفالچییەکانی پێشان لە سنووری دەسەڵاتە شرەکەی خۆیان بکەنە دەمراستی خەڵکی کوردستان بەڵام ملعینەی دەکەن لەوەی کە نوری مالیکی لەو ناوچانەی کە بە قوربانی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان کرد لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیەکەی سەدامی دیکتاتۆر هەندێک جاش و کۆنە ئەنفالچییەک بۆ خۆی بەکرێ بگرێ ئەویش لەبەرئەوەی ئەو پارەیەی کە بۆ (ئەنجوومەنەکانی ئەسناد ) تەرخان دەکرێن قازانجی ئەوانی تێدا نییە ناتوانن بەسە هەرە زۆرەکەی بخەنە سەر ئەو بانکە ئاشکرابووەی کە ئەو چەند ملیارد دۆلارەی سەرۆک خێلی بارزانی و سەرۆک خێلی بلە و تالەبانی تێدا بوو ئەوە جگە لە بانکە شاراوەکان.

جا ئەو ئەسناد و مەسنادە لەسەر وەزنی (جاشایەتیی و پاشایەتیی ) دامەزراوە و مالیکیش وەک کەسێکی دنیادیدە دەزانێ جاشایەتییەکەی بۆ ئێران چەند سوودی هەبوو جاشایەتیی بارازانی و تالەبانی بۆ ئێران و تورکیا و ئەمەریکا چەند سوودی هەبوو و هەروا دەزانێ جاشی گەورەش دەبێ لەخوارەوەی خۆی جاشی گچکەی هەبێ وەک چۆن تالەبانی و بارزانی لە کوردستان جاشی کۆن نوێیان هەیە بەناوی هێزی پێشمەرگە بۆیە ئەویش بە مافی خۆی دەزانێ لە ناوچەکانی عێراق بە کوردستانیشەوە جاشی خۆی هەبێ و ناوی لێ بنێ ئەنجوومەنی ئەسناد جا ئەوە کێ سەردەکەوێ دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە نوری یان (ئەحفادەکان) ی سەلاحەدین کامیان دەتوانن دڵسۆزتر بن بۆ (ئامیر فەوج)ی هەموو جاشەکانی دونیا - ئەمەریکا - گرەوکە ببەنەوە.

ئستا پێویست ناکا نە زۆران بۆ کەمان و نە کەمان بۆ زۆران بڵێن و پێویستە بە کوردی و بە پوختیی بێژین ئێستا خەڵکی کوردستان زۆر لەوە هۆشیارترە گوێ لەو فلیمانە رابگرن کە پێشوەخت دەزانن سیناریۆیەکەی چۆن دارێژراوە و جگە لە سیاسەتبازان و چەوسێنەران هیچ کەسێکی دیکە توریکی لێ قازانج ناکا.

کاک **ئەحمەد تازەدێی**، نووسەرو ڕۆژنامەوان کە لە وڵاتی سوید دا دەژی، بەم شێوەیە رامانی خۆی دیار کردووە:



دوای چەندین مانگ دانیشتنی پارتە سیاسیەکان و کۆبونەوەی چەندین جارەی پەرلەمانی عێراق، توانرا بە ئاڵ و گۆڕکردن و لادان و زیاد کردنی چەندین برگەی چارەنوساز بۆ سەروەری و یەکپارچەیی کۆماری عێراق، ڕێکەوتننامەکە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند بکرێت و دواجاریش ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆماریش پەسەندی بکات. ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە و دڵی نوێنەرانی کوردی پێ خۆشە تەنها ووشەیەکە کە دووجار لە ڕیکەوتن نامەکەدا نوسراوەو بڵاو بۆتەوە، ئەویش ووشەی (فیدراڵییە)، تۆ بڵێی فیدراڵی لەدەستوردا نەنوسرابێت! وا نوێنەرانی کورد لە (بەغداد)، ئەمە بەگەورەترین دەستکەوتی سیاسی دەزانن؟! ئەی بۆ باسی ئەم دوو برگەیە ناکەن کەلە دۆسیە ئەمنێکەدا جێگیر کراوە. وەک، یەکەم پاڵپشتی کردن لە کۆماری عێراق و بەرگری کردن لەسیستەمی ناوخۆی، دژ بەهەر هەڕەشەی دەرەکی و **ناوخۆیی**. دووەم پاڵپشتی کردن لە کۆماری عێراق،و هەوڵەکانی بۆ نەهێشتن و لەناودانی تیرۆریستان و لەناوبردنی ئەو دەستەو گرووپ و کۆمەڵانەی کە دەردەچن لە **یاسای** وڵات. بۆیە دەبوایە نوێنەرەکانمان شیکردنەوەی تەواویان بۆ ئەم دوو برگەیە بکردایە، وەک هەموومان دەزانین ئێمەی کورد چەندین جار بەوە تاوانبار کرواین کەوا لەیاسا لامان داوەو دەستورمان پێشێل کردووە، بەتایبەتی خودی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە کۆبونەوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بە توندی کوردی تاوانبار کرد بەوەی کە چەندین جار دەستوری پێشێل کردوە، بۆیە دەکرێت رووبدات و هیچ دوور نییە، لە هەرکاتێکدا حکومەتی عێراقی بۆی بکرێت لەسەر بچوکترین هەڵەی سیاسی ئەم دوو برگەیە بەسەر کوردا جێبەجێ بکات و بەناوی دەرچوون لە یاسا شەڕی دژ بەیاسامان لەگەڵدا بکات و ئەمریکاش پاڵپشتی لێ بکات، یان هەر هیچ نەبێت خۆی لێ بێدەنگ کات.

ئاشکرایە دروستکردنی ئەنجومەن بەناوی ئیسناد تەنها بڕیارێکی تاک ڕەوانەی خودی مالیکی خۆیەتی و ئەویش بۆ بەرژەوەندی و پاڵپشتی کردن و بەهێز کردنی دەسەڵاتی خۆی و حەملەی هەڵبژاردن دروستی دەکات، بەتایبەتی لە ناوڕاستی عێراق و ناوچە دابڕاوە کوردێکان، ئەگینا ئێستا عێراق بەرەو ئارامی و هێور بونەوە دەڕوات و حکومەتی عێراقی ڕۆژبەڕۆژ بەهێزو خۆگرتر دەبێت و تیرۆرستانیش بەرەو نەمان دەچن. مکوڕ بوون و پاشگەز نەبوونەوەی مالیکی لە دروستکردنی ئەم ئەنجومەنە، نەک گومان و دوودڵی تەنها لە ناو کوردا دروست کردووە، بگرە زۆرینەی حزبە عەرەبییەکانیش دژی دروست کردنی ئەم ئەنجومەنەن، وەک مەجلیسی ئەعلاو بەرەی تەوافق، بۆیە دەکرێت مالیکی بە ڕێوییەکی فێلبازی سیاسی پێناسە بکرێت.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com